# نامەیەك بۆ ڕۆشنبیرانی هەندەران

مەلا هەندرێن*

دوای ئەو بانگەوازەی کە ئاراستەی ڕای گشتیمان کرد سەبارەت بە دەست بەسەردا گرتنی بارەگاکانی ڕەوتی نیشتمانی کوردستان لە لایەن ئاسایشی سلێمانییەوە و تالآن کردنی ڕۆژنامەی سەکۆ ئێمە ئیستا لە کوردستان لە بارو دۆخێکی نائاساییدا دەژین . یارمەتی و مەعاشی سەرجەم کادران و ستافی ڕۆژنامەی سەکۆ و نەسریەی بارەگاکانمان لە لایەن حزبی دەسەلآتدارەوە براون و دەسەلآت شەڕی برینی نانی خەلکمان لەگەلدا دەکەن.

بۆیە ئێمە لەم نامەیەدا داوا لە ئێوەی بەڕێز دەکەین کە هەلۆێست وەرگرن و ئەم ناعەدالەتی و خیانەتە بێشەرمانەیە قبولْ مەکەن کە بەرامبەر خەلکی ئازادیخوازی ئێمە و ڕۆژنامە نوسانمان و کادران و پێشمەرگەکانمان ئەنجام دەدرێت چونکە ئەوە لە ڕووی یاسایی و ئینسانییەوە کارێکی نامرۆڤانەیە .

ئێوە ئەی ڕۆشنبیرە ئازادیخوازەکانی کوردستان لە دەرەوەی ولآت داواتان لێ دەکەین وەك چۆن بەرامبەر هەر ناعەدتلەتییەك لە کوردستان هەلۆیستتان هەبووە ئاواش بەرامبەر ئەم هەلۆێستە نامرۆڤانەیەی ئاسایشی سلێمانی و دەسەلآتی یەکێتی لەو ناوچەیە هەلۆێست بنوێنن و فشار بخەنە سەر دەسەلآتداران لە کوردستان تا جورئەت نەکەن چیدی بکەونە گیان خەلکانی ئازادیخواز و برینی نانی ژیانی ئەو ئینسانە دیموکرات و ئازادیخوازانە کە خاوەنی هیچ نین جگە لە بیر و باوەڕی پێشکەوتنخوازی و ڕەخنە گرتن لە ناشرینییەکانی دەسەلآتداران بە تایبەت لە ئیدارەی سلێمانی.

بژی ئازادی و دیموکراتی و بۆچونی ئازاد

بڕوخێ دیکتاتۆر و بکوژانی ئازادی و فکر

.............................................

*کارگێری مەکتەبی سیاسی ڕەوتی نیشتمانی کوردستان

تکایە پەیوەندی بکەن بەم ئیمەیلەوە :

Azizrauf2003@yahoo.com